# زانکۆکانی کوردستان و به کوردی خوێندن !!!!

د. جەبار قادر

چەند رۆژ بەر لە ئێستا هەواڵی بەکوردیکردنی خوێندن لە زانکۆی سەلاحەدین وەکو دەستکەوتێك، کە لە راستیشدا هەر وایە و دەبوایە دوای زیاتر لە دە ساڵ دەسەلاتی کورد لە کوردستانادا وانەبوایە، راگەیەندرا، هەرچەندە لێدوانەکەی رۆژی پاشتری سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین دکتۆر سەعدی بەرزنجی بۆ کوردستان تیڤی لەو بارەیەوە گەوهەری بریارەکەی تا ئاستێکی زۆر پوچەڵ کردەوە، ئەویش بەوەی ئەو قوتابی و مامۆستایانەی ناتوانن بە کوردی لە وانەکان باش تێبگەن یا بیلێنەوە دەتوانن هەر بە عەرەبی بەردەوام بن و ئەو کۆلێجانەشی کە بە کوردیکردنی خوێندن تیاندا کارێکی ئاسان نیە دەتوانن وەکو جاری جاران بە ئینگلیزی یا عەرەبی لە کارەکانیاندا بەردەوام بن.

لە بارەی ئەو کۆلێجانەی دواییەوە کە دەبێ زیاتر کۆلێجی پزیشکی و ئەندازیاری و دەرمانسازی و گەلێ لە بەشە زانستییەکانی کۆلێجەکانی زانیاری و پەروەردە و کشت و کاڵ بگرنەوە، هێشتنەوەی خوێندن یا تەنانەت کردنی خوێندن بە ئینگلیزی لەوانەی کە ئێستا بە ئنگلیزی نین بۆی هەیە ئاستی خوێندن لەو بوارانەدا، بەمەرجێ مامۆستای ئینگلیزی زان و قوتابی بۆ ئەم کارە بە باشی ئامادە بکرێن بە کردنەوەی کۆرسی فێربوونی زمان و پیتەدان بە خوێندنی زمانی ئینگلیزی بە شێوەیەکی مۆدێرن و دوور لەو شێوە کلاسیکییەی کە لە زانکۆکانی عیراقدا باو بووە و دەرچووی بەشی ئینگلیزی یا فەرەنسی یا هەر بەشێکی تری زمان گەلێ جار ناتوانێ چوار رستە بەو زمانانە بە شێوەیەکی دروست قسە بکا.

هەڵبەتە خواستی دڵ ئەوەیە کە زمانی کوردی لە هەموو بوارەکاندا ئەوەندە پێشکەوتوو بوایە کە هەموو زانستەکان هەر بە کوردی لە زانکۆدا بخوێنرانایە. مخابن واقیعی بارەکە زۆر دوورە لە خواستەکانی دڵ و ئەزموونی دەیان گەلی نێوچەکە و جیهانیش ئەوەمان فێر دەکا کە بە خۆماڵیکردنی هەندێ لەو زانستانە بەتایبەتی پزیشکی دەبێتە هۆی پاشکەوتن چونکە مرۆڤ دادەبرێ لە رەوتی پێشکەوتنی ئەو زانستە لە سەر ئاستی جیهانی پێشکەوتوو و گۆڤارە زانستی و بلاوکراوەکان کە زوربەی هەرە زۆریان بە زمانی ئینگلیزین. ئەزموونی بە عەرەبیکردنی خوێندن و ئاکامە خراپەکانی لە عیراقدا لە پێش چاوی هەموو لایەکە و دەبێ لە هەوڵی بەکوردیکردنی خوێندن لە زانکۆکاندا لە پێش چاو بگیرێن و دووبارە نەکرێنەوە.

بەلام لە تەك ئەو راستییەدا ئایە دەکرێ پزیشکێك، ئەندازیارێك یا دەرچوویەکی هەر یەکێ لەو بەشانەی کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێکرا یا مامۆستاکانیان، نەتوانن بە کوردییەکی رەوان پرسێك لە بواری پسپۆرییاندا بۆ خوێنەر، بینەر یا بیسەرانیان روون بکەنەوە. پرسەکە ئا لێرەدایە. لە کاتی دەسەلاتی رەشی بەعسدا وانەیەکی زمانی کوردی لە هەموو کۆلێجەکاندا هەبوو کە قوتابیەکان بۆ خوێندنی دەکران بە دوو گرووپەوە : دەستپێکەران و پێشکەوتووان. نەك تەنها باری خوێندنی زمانەکە و پشت گوێ خستنی و پیتە پێنەدانی، بەڵکو تەنانەت دابەشکردنی قوتابیانیش بۆ سەر ئەو دوو گرووپە مایەی گاڵتەجاری بوو. تەنها یەك ئەزموونی تایبەتی خۆم لەم بارەیەوە دەگێرمەوە. لە ساڵی خوێندنی 1981 /1982 خوێندندا لە لایەن بەشی کوردی کۆلێجی ئادابەوە من و خوالێخۆش بوو کامەران موکری بۆ سەرپەرشتی دابەشکردنی قوتابیانی کۆلێجی بەرێوەبەرایەتی و ئابوری بۆ خوێندنی زمانی کوردی دەستنیشان کراین. قوتابیەکی هەولێری کە زمانی کوردی وەکو من دەزانی بەلام دەیویست لە بەشی دەستپێکەراندا دابنرێ. هەڵبەتە بە هەموو پێوەرێك ئەوە کارێك بوو نەدەکرا کە قوتابیەکی هەولێری لە گەڵ قوتابیەکی خەڵکی بەسرەدا کە لەوانەیە بۆ یەکەمین جار لە نزیکەوە گوێی لە زمانی کوردی بووبێ لە یەك پۆلدا دابنرێ. تومەز کابرا نەك هەر حەبە سەوزەکەی قوت دابو بەڵکو وادەرکەوت دە دەستێکەڵی لە گەڵ رژێمدا زۆر لەوە قوڵترە و پرسەکەی گەیاندە سەرۆکی زانکۆ و سەرکوتکەرانی ئەمن و حیزبی بەعس و سەرئێشەیەکی زۆری بۆ پەیدا کردم بێ ئەوەی هەتا من لەو زانکۆیەدا بووم بگات بە ئامانجەکەی. دوای سەرهەڵدانی قوتابیان لە زانکۆی سەلاحەدین لە بەهاری 1982 دا بە چوار مانگ منیش لە تەك 186 قوتابی و 32 مامۆستای تردا لەو زانکۆیە دوورخرامەوە و بۆ ماوەی هەشت ساڵ لە زانکۆی مووسڵ مامەوە. ئێستاش لە بیرمە ئەو قوتابیە، کە نازانم ئێستا لە کوێیە و سەر بە چی پارت و رێکخراوێکە، بە بزە و شاکامییەوە سەیری دەکردم و دەیویست پێم رابگەیەنێ کە ئەو ئاکامی هەموو کەسێکە خواستی خۆفرۆشان لە بەر چاو نەگرێ. لەو زانکۆیە شایەتی گەلێ بە

سەرهاتی سەیر وسەمەرە بووم کە ئێرە جێگەی گێرانەویان نیە. بۆیەکا ڕەنگیێ لێرەدا لەوە زیاتر پێویست بەوە نەکا باسی ڕەوشی زمانی کوردی لە سێبەری ڕەشی بەعسدا بکەم

دوای دە ساڵ لە دەسەڵاتی کوردی لە باشووری کوردستاندا شەرم دامدەگریێ کاتیێ مامۆستایەکی زانکۆ یا کاربەدەستیێ دەبینم ناتوانیێ چوار ڕستە بە کوردییەکی ڕەوان ببێژیێ. بە ڕاستی ئەو مامۆستایانە ناتوانن هیچ پاکانەیەك بۆ ئەو هەڵوێستەیان بکەن. ئەگەر لەم دە ساڵەدا هەر ڕۆژەی یەك وتاریان بە کوردی بخوێنایەتەوە ئێستا هەموو کوردی زانێك بوون ئاوی زمانی کوردییان لێڵ نەدەکرد. ئەی من نازانم ئەو هەموو ڕۆژنامە و گۆڤارانە بۆ کیێ بلاو دەکرێنەوە ؟. هەوڵ نەدانیان بۆ فێربوونی زمانی کوردی ئەوە دەگەیەنیێ کە پیتە بە زمانەکەی خۆیان نادەن و بە پێویستی نازانن فێری بن مادام دەتوانن بیێ ئەوەی فێری کوردی بن ببنە کاربەدەست و ڕاوێژکار و تەنانەت وەزیر و بریکارو لە هەستیارترین بوارەکانی زانست و پەروەردە و ڕاگەیاندندا جێگەی خۆیان بکەنەوە، یا ئەوەتا ئەم بارەی کوردستان بە شتێکی کاتی دەزانن و گومانیان لەوەدا نیە کە زمانی عەرەبی و پەروەردە کردن بەو زمانە لە داهاتوودا وەکو جاری جاران دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان.

بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان کۆسپ و تەگەرە کەمتر لە ئارادان و ئەگەر خواستی سیاسی هەبیێ لە ماوەی چەند ساڵێکدا خوێندن لە بوارەکانی زمان، ئەدەبیات، مێژوو، هونەر، جوگرافیا، کۆمەڵناسی، قانوون، بەڕێوەبەرایەتی، ئابووری و وەرزش ...تاد مەیسەر دەبیێ. پێگەیاندنی مامۆستا لەو بوارانەدا لە کوردی زانان و ئامادەکردنی کتێب و سەرچاوە بە زمانی کوردی لە ماوەیەکی کورتدا دەتوانیێ دەستکەوتی بەرچاو وەدەست بێنیێ. بۆچی دەبیێ لە پێناوی مامۆستایەکدا کە کوردی نازانیێ و نایەویێ فێری بیێ سەد قوتابی لە خوێندن بە زمانی دایك بێبەش بکرێن ؟ یا لە پێناوی چەند قوتابیەکدا کە لە بەر هەر هۆیەك بیێ نایانەویێ بە کوردی بخوێنن ژمارەیەکی دە ئەوەندەی ئەو چەند قوتابیە لە زمانی خۆیان بێبەری بکرێن ؟ ئەمە تێگەیشتنێکی سەقەتی زانست و مێتۆدی پەروەردە و دیموکراسیە لە بواری پەروەردەدا.

پێموایە دەبیێ زانکۆکانی کوردستان چاو بخشێننەوە بە مەرجەکانی وەرگرتندا و زانینی زمانی کوردی بە قسەکردن و خوێندن و نووسین بکریێ بە مەرجێکی سەرەکی بۆ وەرگرتنی قوتابیان وەکو لە هەموو زانکۆکانی جیهاندا باوە. لە جێگەی برو بیانوو دۆزینەوە بۆ بە کوردی نەکردنی خوێندن لە زانکۆ و هەموو دەزگاکاندا پیویستە مرۆڤ بە دوای چارەسەریدا بگەڕیێ. تەنها بۆ نموونە زانکۆکان دەتوانن کورسی زمانی کوردی بکەنەوە بۆ ئەو مامۆستایانەی کە ناتوانن بە کوردی وانە بلێنەوە. ئەمە دەبیێ وەکو بەشیێ لە ئەرکی کارکردن و پایەیان حیساب بکریێ و ئەگەر بە باشی بە جێی نەهێنن کاردانەوەی لە سەر بەرزکردنەوەی پلەی زانستی و تەنانەت موچەشیان هەبیێ. بۆ ئەو قوتابیانەش کە زمانی کوردی بە باشی نازانن ساڵێك زمانی کوردی خوێندن دەبیێ بکریێ بە مەرجێکی وەرگرتن لە زانکۆدا وەکو هەموو زانکۆکانی جیهان. تەنها بەم جۆرە کار و هەنگاوانە زمانی کوردی دەبیێ بە پێویستییەك و ئیدی دەست لە پشتگویێ خستن و پیتەپێنەدانی هەڵدەگیریێ، ئەگینا هەتا ئێوارە باسی گرنگیی و شیرینی زمانی کوردی بکەی یەك قروشی قەڵب نایەنیێ ئەگەر لە دەزگاکانی دەوڵەت و قوتابخانە و زانکۆ و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ژیانی ئابوری و کۆمەڵایەتیدا خەڵك هەستی بە گرنگیی و پێویستی زمان نەکا و دەبیێ مرۆڤ هەندیێ ئیدیالیست بیێ بۆ ئەوەی منداڵەکانی هان بدات پیتە بە زمانی خۆیان بدەن. وادەزانم تەنها لە زانکۆکانی ئێمەدا شتی وا دەبیێ کە هەر مامۆستایەك بۆ خۆی و لە سەر خواستی خۆی بەکام زمان حەز دەکا وانە بلێتەوە و قوتابیش بیێ ئەوەی زمان ئەو وڵاتە بزانیێ لە زانکۆ وەربگیریێ و لە دواییدا پیێ بە دکتۆر و ئەندازیار و مامۆستا و کاربەدەست ...تاد.

ئەم وتانەی من نابیێ قەت وا لێك بدرێنەوە کە من نامەویێ قوتابیانی ئێمە لە تەك زمانی کوردیدا زۆر بە باشی زمانی عەرەبی بزانن، چونکە لە ڕێگەی ئەو زمانەوە کە بە یەکیێ لە زمانە هەرە دەوڵەمەندەکانی جیهان دەژمێریێ و خزمەتێکی زۆر کراوە و لە هەموو بوارەکانی زانستدا سەدان سەرچاوە دەست دەکەون وەدەتوانن ئاسۆی زانیارییەکانیان فراوان بکەن و خۆیان پیێ بگەیەنن. هەروەها لە سەردەمەدا و بە هۆی ئەوەوە کە مرۆڤ بە ئاسانی دەستی دەگاتە زانیارییەکان زمانی ئینگلیزی ڕۆڵێکی مەزن دەگێریێ و وای لێهاتووە بە بیێ زانینی ئینگلیزی و سەردەرکردن لە کەمپیوتەر و ئینتەرنێت مرۆڤ بە نیمچە نەخوێندەوار دەژمێرێن. مخابن وەچەی ئێمە لە زوربەی ئەم مەرجانە بێبەش بوون. نەدەرفەتی بەکوردی خوێندمان هەبوو و نە ئینگلیزی بە باشی فێرکراین و کەمپیوتەریش یا هەر فێری نەبووین یا لە تەمەنێکدا فێری بووین کە فێربونی شتی نویێ زۆر ئاسان نەبوو.

موستەفا کەمال کاتێ ئەلف و بێی لاتینی بە سەر تورکیادا سەپاند، وەکو هێمایەك بۆ پێتەدان بە کارەکە یەکەم وانەی بەو ئەلف و بێ یە بە خۆی وتەوە. بۆ مامۆستاکانی زانکۆکانی کوردستان ئەوانەی بە کوردی ناتوانن وانە بڵێنەوە داوا ناکەن کۆرسی زمانی کوردییان بۆ بکرێتەوە ؟. ئەی بۆ بۆ ئەوەی تەرقیە بکەن دەبێ زمانێکی بیانی بزانن ؟ خۆ مرۆڤ تا ئەو رۆژەی دەمرێ هەر فێر دەبێ. خۆ بە وەرگرتنی بروانامەی ماستەر و دکتۆرا مرۆڤ نابێ بە زانا. لە خوێندنی ماستەر و دکتۆرادا مرۆڤ فێر دەبێ چۆن بە شێوەیەکی زانستیانە پرسەکان لێکبداتەوە و لە گۆر رێبازی لێکۆڵینەوەی ولنستی لێیان بکۆڵێتەوە.

بڕیاری بەکوردیکردنی خوێندن لە هەموو پلەکانی خوێندندا راستکردنەوەی هەڵەیەکی مێژووییە و گەرانەوەی مافێکە کە هەردوو حکومەتی عیراق و دەسلاّتی ئینتیدابی بەریتانی لە ساڵی 1926 نەك هەر دانیان پێداناوە و بەڵکو بەڵێن و پەیمانیان داوە جێ بە جێی بکەن و لێی لانەدن وەکو مەرجێکی سەرەکی کۆمەڵەی گەلان بۆ لکاندنی باشووری کوردستان بە دەوڵەتی عیراقەوە. مخابن ئەو دوو حکومەتە دوای تەنها چوار ساڵ هەموو ئەو سۆز و پەیمانانەیان پێشێل کرد و لە پەیماننامەی 1930 لە نێوانیاندا باسی ئەو مافانەی کوردیان نەکرد. کاردانەوەی کورد لە دژی ئەو پێشێل کردنە ئەوەندە توند بوو دەوڵەتی عیراقی ناچار کرد لە 1932 ئەوە رابگەیەنێ کە زمانی کوردی زمانێکی فەرمییە لە لیواکانی سلێمانی و کەرکوك و هەولێر و قەزا کوردییەکانی لیوای مووسڵ. لە گەڵ ئەوەشدا حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عیراق و ئەو مافەی گەلی کوردیان رۆژ لە دوای رۆژ بەرتەسك دەکردەوە تاوەکو لە کۆتاییدا تەنها لەلیوای سلێمانی و هەندێ دەڤەری لیوای هەولێردا خنکانیان. ئەو سیاسەتەی حکومەتی عیراق دژی پەیمانەکانی بوو بۆ کۆمەڵەی گەلان کە تێیدا رایگەیاندبوو کە هیچ گۆرانکارییەك لەو بارەدا بە بێ رەزامەندیی زۆرینەی ئەنجومەنی ئەو کۆمەڵە. وەکو دەزانین ئەو کۆمەڵە ئامرازێك بوو بە دست ئینگلیزەوە، بۆیە لە هەموو پێشێلکردنەکانی دەسەلاّتدارانی عیراق لە مەر مافی کوردان نقەی لێوە نەهات.

لە راستیدا حکومەتی عیراق لە نیەتی ئەوەدا نەبوو نە ئەو پەیمانانەو نە ئەوانەی دوای ئەو سالاّنەش بە چەند دەیەیەك وەکو ئەوانەی ساڵی 1958 و 1970. هەرچەندە دوای خەبات و قوربانییەکی زۆر لە 1970دا ناچار بوو جارێکی تر زمانی کوردی بە فەرمی بناسێ لە کوردستاندا. مخابن ئەو جارەش وەکو هەمیشە کەوتەوە پێشێلکردنی تا بەو دەردەی برد کە هەموومان وردەکارییەکانی دەزانین.

بۆیەکا بەکوردیکردنی خوێندن لە هەموو بوارەکانی خوێندن و بەرێوەبەرایەتیدا نابێ جێگەی دلەّراوکێ و ترس لەرز بێ لای کاربەدەستانی کورد چونکە بنگەی مێژوویی و قانونی پتەوی هەیە و تەنها پێویستی بە خواست و بڕیاری سیاسی هەیە و کەس بۆی نیە لەو هەنگاوەی کورد نیگەران بێ، چونکە ئەمە سەرەتایی ترین مافی مرۆڤ و گەلانە لەم سەردەمەدا.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی حاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.